کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 16-5-2007 13:13

## یاخی بوونی تری عومەر لە شیعری (بەردی کەعبەش) دا ... سەرهەنگ خامۆش



زۆر جار یاخی بوونی شاعیر وا دەکات هەڵوێست بەرامبەر ناوەڕۆکی شیعرەکەی وەربگرێ و لایەنە سلبییەکان یەك لا بکاتەوە.. بێ گومان هەر کەم و کورییەکی کۆمەڵ بەستراوە بە هۆشیاری شاعیر لە ڕووداوەکانی ژیانی لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری... ئەم بوارەش وا لە شاعیر دەکا کە بتوانێ بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لە چوارچێوەیەکی هونەری شیعری دا بەرجەستەی بکات، شیعری (بەردی ڕەشی کەعبەش) لەم جۆرە شیعرانەیە کەوا لە کارەساتێکی ڕاستەقینە و دڵتەزێنەوە سەری هەڵداوە بێ گومان لە زۆربەی سایت و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە شیعریش بووە پێناسەیەکی یاخی بۆ ئەم بابەتە و وەك سەردولکەیەکی نامۆ بووە بە کفنی ئاڵی کچۆڵەیەکی بێ تاوان.. ئەم شیعرەی ترێ کە بریتیە لە دوو کۆپلەی خنجیلەو جوان کە گەیشتۆتە لوتکەی یاخی بوون و شاعیر ئەوەندە ڕق و کینی لە دڵدایە بەرامبەر ئەم تاوانەی بە دوعایان کرد کە دەڵێ:



لە پاش ئەوەی
بەردم بینی
سەری دوعای پان کردەوە
نایکەم بە ملوانکەی ملم
جارێکی دیش..
ڕقم لە هەموو بەردێکە
هەتاکوو بەردی ئەلحەدیش

دیارە ئەم کارەساتە وەکو حاڵەتێکی ناهەموار کاری لە شاعیر کردووە و بارێکی دەروونی شیعری دروست بووە و کە لە چوارچێوەیەکی پڕ ڕق و قین و خۆی دۆزیتەوە ئەویش لە سەرەنجامی داب و نەریتی دواکەوتوویی کۆمەڵدا.. دیارە بەرد هەندێ جار لەلایەن زۆربەی کۆمەڵگاوە وەکو ڕەمزێکی پڕ کلتور و جوان خۆی نواندوە.. هەندێ بەردیش وەکو تابلۆ نەخشێنراوە وەك گەردانەیەك چنراوەتەوە لەبەر جوانی ئافرەت لە ملی خۆت کردووە.. هەندێکیش زۆر پیرۆزن لەبواری دیانەتەوە.. لێرەدا شاعیر باس لە خودی ئەم دەستە چڵکن و زاڵمە دەکات کە سەری ئەم کچە بێ تاوانەیان چۆن بە بەرد پان کردۆتەوە. هەر بۆیەش شاعیر تەواو نەفرەتی لە بەرد کردووە بگرە پیرۆزترین بەردیش کە ئەویش بەردی ئەلحەدە.. لێرەدا ترێ کارەساتەکە زۆر کاری لێ کردووە هەر بۆیە ڕقی کردۆتە سەنگەرێکی سەرەکی هەڵوێستەکەیی و نەفرەتی لە بەرد کردووە.. ئەمەش لە پاڵ گیان وروژانێکی ڕۆمانسیەوە ڕق بۆتە هەوێنی ئەم شیعرەی کە زۆر بە جوانی وەسفی بەردی کردووە، ترێ تەنها وەکو موجامەلەیەکی شیعری وەسفی بەردی کردووە ڕق و کینی بەرامبەر نواندووە ئەگینا بۆ ڕیسواکردنی بەردە پیرۆزەکان نی یە.. هەڵبەت زۆر سات بەرد زۆر سوودمەند بووە و کەڵکی لی وەرگیراوە هەندێ کاتیش زەرەرمەند بووە بە هۆی پاڵنەرێك یاخود گەیەنەرێکی سروشتی لە زۆربەی کارەساتەکانی جیهان، زۆر جاریش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەکو چەکێك لە شەڕ بەکار هاتووە.. وە لی ئەمجارەش بەرد گیانی خاتو دوعای کردە قوربانی عەشق و هەڵوێستی پڕ بیر و باوەڕی.. ئێمە زۆر جار خۆمان عەشق دەکوژین ولە کۆتایی دەبێتە داستانێکی بە سۆز و مێژووش لە ئەرشیفی خۆیدا تۆماری دەکات.. شاعیر ئەگەر هەندێ هۆکاری دەرەکی و دەروونی نەبێت یاخی بوون ناکاتە پەیامی کۆپلەکانی بۆ ئەوەی جوانی و ڕۆمانسیەتی شیعر لە بیر بکات.. تریَ هەرچەندە رق و کینی کردۆتە پەیامی شیعرەکەی بەلام باکگراوندێکی بە سۆزو دڵتەزێنی کردۆتە سیمای ئەگەرەکانی و زۆر بەجوانی دایڕشتووە.. شاعیر هەرچەندە شیعرەکەی بە هەناسەیەکی کورت نووسیوە بەڵام پاکیزەیی و داهێنانی شیعری لە بیر نەکردووە و بەڵگەیەکی جوانی بۆ هێناوەتەوە کە ئەویش شاعیر بە خواستن بەرجەستەی کردوە و نموونەشی بۆ هێناوەتەوە کە ئەویش بەردی ڕەشی کەعبەیە وەك دەڵێ:

لە پاش ئەوەی
بەردم بینی
سینگی دوعای کرد بە دووگەی
ئازار و خوێن
دابێژ دابێژ بوون گیان و لەش
ڕقم لە هەموو بەردێکە
هەتا بەردی ڕەشی کەعبەش

بەرد لێرەدا پێوەری دەستێکی ڕەشی چڵکنە و یاخی بوونی شاعیریش گەیشتۆتە ڕادەیەك کە ڕقی بەرامبەر بەردی کەعبەش بنوێنێ، دیسان دەڵێم لێرەدا تریَ مەبەستی ئەوە نی یە کە پیرۆزترین بەردی مەزهەبی بکاتە سەنگەری ڕق و قین ئەو تەنها یاخی بوونی خۆی نواندووە کە ئەویش گەیشتۆتە لوتکە.. ئەم جۆرە حاڵەتەش کە زۆر کاری لە دەروونی شاعیر کردووە بۆ ئەوەی دەنگی شیعر بەرز بکاتەوە و بتوانێت ئەم تەوقە بشکێنێت کە کۆمەڵگاکەی تێی دا دەناڵێنێ بۆیە تریَ لێرەدا خۆی لە شیعرێکی بەرهەڵستکاری تورەدا دۆزیوەتەوە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم واقیعە تاڵەی کە میللەتەکەی تێی دا دەژی وا دەکات کە زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکات ئازادانە هەڵوێست دەربڕی کەویش پەنا بباتە بەر هەندێ ووشەی پڕ رق و قین و نارەزایی خۆی دەربڕێ.. لێرەدا بۆمان دەدەکەوێت کە یاخی بوونی شاعیر لە سەرەنجامی ڕەتکردنەوەی چەوسانەوە و دیلێتی و ریسوا کردنی تاکەکانی کۆمەڵگایە..

Xamosh_s@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.